کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-4-2007 22:48

## مامە دیسان داوای لێبوردن لە تورکە کەمالیستەکان دەکات... مامە خەمە

هەمووومان دلمَان بە قسەکانی مەسعود بارزانی خۆش بوو، ئەو کات هەستمان کرد راێبەرایەتی ئێستای مەسعود بارزانی بۆ هەرێمی کوردستان هەر تایبەت نیە بە بەشێکی ئازاد کراوی خاکی کوردستان، بەڵکو ئەوەی بینیمان لە دیمانەکەی کەناڵی العربیە خۆی لە راێبەریەتی و حەکیمایەتی بارزانی دەبینێتەوە بۆ هەرەسان کردن و وەڵام دانەوەی هەموو دەست تێوەردان و خۆ گف کردنەوەکانی ئۆردوگان و جنەرالەکانی تورکیا...

بارزانی دیسان وای نیشان داین کە ئەو چۆن دەروانێتە کێشەی کەرکوك بە هەمان شێوەش بە پرۆشیەوە دەروانێتە کێشەی دیار بەکرو مهابات و قامیشلۆ و بچوك ترین گۆشەی داگیرکاروی خاکی کوردستان..

بەندە خۆی بە بچوك دەزانێت لە مبەر هەڵویستە جوامێریەکەی بارزانی بۆیە ئەویان بۆ مێژوو لێدەگەریم وبە ئەرکی تەواوی رۆشەنبیران و ئازادیخوازانی گەلەکەمی دەزانم هەڵوەستەیەك بۆ میژوو تۆمار بکەن و خاڵەکان لەسەر ووشە شارەوەکان دابنێن و هەڵوێستی راست و درووستی بارزانی لەمبەر کێشەی نەتەویەتی گەلی کوردستان و داکۆکی کردنی بەردەوامی لە ئەهقیەتی کێشەی گەلەی کورد بۆ نەوەی داهاتوو چاکتر شیبکەنەوە.

کورتکراوەی ئەم نووسینەم خۆی لە داوای لێبوردنەکەی جەلال تالەبانی بۆ دەوڵەتی تورکیاو ئۆردوگان دەبینێتەوە کە بەراستی وەك تاکێکی کورد بەرامبەر ئەم هەڵوێستە سیاسیەی جەلال تالەبانی هەست بە شەرمەزاری دەکەم و دەیخەمە خانەی رازی کردن و مل شۆر کردن بۆ سیاسەتی چەوتی تورکیا بەرامبەر مادەی 140 و دەست تێوەردانی بەردەوامی کەمالیستەکان بۆ ئاسای نەکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك زیندە بەچاڵ کردنی خەونی یەکجارەکی مرۆقی کورد بۆ گەرانەی ئەم شارە بۆ باوەشی کوردستان، مامە بەم هەڵوێستەی دیسان سیاسەتی جارانی کە خۆ لە رازیکردن و نەتەوە بەکۆیلە زانینی بیرهێنانیەوە وای نیشان داین کە ئەو پاش ئەوەی بوو بە سەرۆك کۆماری دەولەتێکی عەرەبی بەیانی لای دوور نابێت بۆ رازی کردن و مانەوی کورسیکەی هەم دیسان وەك سەدام و درودەستەکەی کوردی هەر چوار پارچە دووبارە ئەنفال و قر بکاتەوە ... ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.